خوای گەورە هیچ کردەوەیەك قبوڵ ناکات مەگەر ئەوە نەبێت کە بە دڵسۆزیەوە بۆ ئەو ئەنجامدراوە، ومەبەستی لێی ڕووی خودا بێت

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت-دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئایا چی دەڵێیت سەبارەت بە پیاوێك جیهاد دەکات دەیەوێت پاداشت وناوبانگی دەستبکەوێت؟ چی بۆ هەیە؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێکی بۆ نییە»، سێ جار دووبارەی کردەوە، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەر دەیفەرموو: «هیچ شتێکی بۆ نییە»، پاشان فەرمووی: «خوای گەورە هیچ کردەوەیەك قبوڵ ناکات مەگەر ئەوە نەبێت کە بە دڵسۆزیەوە بۆ ئەو ئەنجامدراوە، ومەبەستی لێی ڕووی خودا بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه النسائي)]

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ؛ بۆئەوەی پرسیاری لێبکات وداوای فەتوا بکات سەبارەت بە حوکمی پیاوێك دەردەچێت بۆ جیهاد کردن مەبەستی پاداشتی الله یە وهەروەها مەبەستیشی ئەوەیە خەڵکی وەسف وستایشی بکەن، ئایا ئەم کەسە پاداشتی دەستدەکەوێت؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی: هیچ پاداشتێکی دەستناکەوێت؛ چونکە لە نیەتیدا جگە لە خودای کردووەتە هاوبەش، پیاوەکە سێ جار هەمان پرسیاری لێکرد، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- جەختی لەسەر هەمان وەڵام دەکردەوە؛ بەوەی هیچ پاداشتێکی دەستناکەوێت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بنچینەیەکی پێی ووت سەبارەت بە قبوڵ بوونی کردەوە لەلای خوای گەورە: ئەمیش بریتیە لەوەی خوای گەورە هیچ کردەوەیەك قبوڵ ناکات مەگەر ئەوە نەبێت کە بە تەواوی بۆ ئەو ئەنجامدراوە بەبێ ئەوەی هیچ هاوبەشێکی بپێاردا بێت، ودەبێت مەبەستی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت -سبحانه وتعالى- لەم کردەوەیەدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65107